## گێلە پیاوانی تورک تاکەی دژایەتی کورد دەکەن؟؟ ... خاڵەحەمە

گورگە چاوچنۆکەکانی تورکیا لایان وایە دەوڵەتانی دنیا وەک خۆیان مامەڵە لەگەڵ ووڵات و هاووڵاتی خۆیاندا دەکەن، ئەومێشک پووچانە تائێستاش لایان وایە کەخۆیان سەروەری ئەم دنیایەن، دەتوان فەرمانی بۆدەرکەن، لەسەرڕێکیترەوە لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانییان وایلێکردوون کەتەواوی دنیالەڕەوشتی دیکتاتۆرانەیان شارەزابیت، ئەمدڕەندانە بەهەمووهێزو توانایەکیانەوە لەنەتەوەی کوردیان هەڵپێچاوەو نایانەوێت دەستیان هەبێت سەری خۆیانی پێ بخورێنن، کەسیش نازانێ هۆکار چییە کەبەوتوندی و دڵڕەقییە ڕەفتار لەگەڵ نەتەوەیەک دەکەن لەرۆژانی تەنگانەدا یارمەتی دان کە دەولەتی تورک دروست بکەن.
لەباکووری کوردستاندا زۆر زیاترلە20.000.000 بیست ملوێن کورد دەژی، بێجگە لەوانەی چڵکاو خۆرو نێشتمانفرۆش و پیاوکوژی تورکن تەنیا کوردێ بچووکترین مافی نییە کەوەک مرۆڤ بتوانێت بژی، زیندانە مرۆڤ خۆەرەکانیان سیخناخە لەکچان و کوڕانی کورد، شارو لادێنشینەکانی کورد پڕاوپڕن لە بێکاری و هەژاری لەپەل و پۆیی خستون، ئەم خوانەناسانە لەسەرو ئەوکردەوە نامرۆڤایەتیەیانەوە ڕۆژانە لەپێش چاوانی هەموو دنیادا شێرەکوڕان، خانم خاسانی کورد تیرۆردەکەن و کەسیش ئاوڕێک لەدڕندایەتی ئەو ڕژێمەناداتەوە کەسەرچاوەی ترۆرو تیرۆستین و لەژێر دەستی چەند ژەنراڵێکی پیردا کوشتنی نەتەوەیەک پەیڕەو دەکرێت و پڕۆگرامی بۆ داڕێژراوە (جۆڵە مێرگ) تازەترین نمونەیە کەتاسەر ئێسک ئەم گورگانە دوژمنی مرۆڤایەتین و دەیانەوێت بەڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردا بچنەخوارێ.
لەسەوروو ئەوهەموو کوشتن و بڕین و ماڵوێرانی و کاولکاری و دەستدرێژی بۆسەرمافەکانی نەتەوەی کورد ئەم گورگانە کلکیان خستۆتەسەر شانیان و ووڵاتەو ووڵات بەدوای کوردەوەن تانەیەڵن لەمافەکانیان سوودوەربگرن و دەوڵەتان قاوبدەن کەکورد تیرۆرستەو نابێت مافیان بدرێتێ.. دواهەمین پەلەقاژێی ئەم گورگانە ئەوە بوو کە (رۆژ تی، ڤی) بەدەوڵەتی دانمارک دابخەن و ئەو کەمە تورسکاییەش لەکوردو منالانی کورد بشارنەوە..
ئەمجارەش نەیانتوانی بەمەرامی (پۆخڵ) وپوچیان بگەن، دانمارک وەک دەوڵەتێکی دیموکرات و دیموکراتیخواز وەرامی ئەودڕەندانەی دایەوە کە (رۆژ تی، ڤی) پێچەوانەی یاسای دانمارک کارناکات و بە پێویستیشی نازانین دایبخەین..
بەهیوام کوردی باکووریش ژیرانە بتوانێت پەیامی خۆیی بە کوردی ستەمدیدە رابگەێنیت و نەکەونە هەڵەیەکەوە ئەو دڕندانەی تورک بەخۆیان خۆش بکەن..
خاڵەحەمە/دانمارک2005/11/23